B-BE

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی هەرێم

# ڕێبەری هاتوچۆ

## بۆ بەکارهێنەرانی ڕێگاوبان

نووسەر و ئامادەکار : **نەجات نەجم**



v 1.0 | 2025

ڕێبەری هاتوچۆ پەرتووکێکی زانستی، یاسایی، ڕۆشنبیری هاتوچۆییە، بەو ئامانجە ئەم ڕێبەرە نووسراوە و ئامادەکراوە، بۆ ئەوەی هۆکارێک بێت بۆ کەمکردنەوەی سەرپێچی و ڕووداوەکانی هاتوچۆ، پاشان بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی قوربانیانی هاتوچۆ، کە بەداخەوە ساڵانە هەزاران کەس بەو هۆیەوە گیان لەدەستدەدەن یان بریندار دەبن.




1 پێناسەی یاسایی و زانستی بۆ تەواوی ئەو بابەتانە کراوە، کە پەیوەستن بە بەکارهێنانی شەقامەوە هەر لە پیادە و سەرنشین تا دەگاتە شەقام و ڕێگا و سوارڕۆکان.




2 بنەما گشتییەکان بەشی دووەمی ئەم پەرتووکەن و باسی ئەو بنەمایانە دەکەن کە دیاریکراون بۆ پیادە و جۆرەکانی پیادەکان و سەرنشین.




3 یاسای کارپێکراوی هاتوچۆ بە مەرج و ڕێنمایی و سزاکان و پێناسەی یاسایی بۆ بابەتەکان لە بەشی سێیەمی ئەم ڕێبەرەدایە، تا لە ڕێگەیەوە شۆفێران بتوانن خۆیان لە سەرپێچی و سزا و ڕووداو بپارێزن و مامەڵەیەکی تەندروست و سەلامەت لەسەر شەقامەکان بکەن.




4 باسی ئامرازەکانی ڕێکخستنی شەقام دەکرێت کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆ بۆ ڕێکخستن دادەنرێن یاخود لایەنی پەیوەندیدار ڕادەسپێرن بۆ دانانیان وەک ترافیک لایت، تابلۆ، هێڵ و تەواوی ئامرازەکانی دیکە، بۆیە دەکرێت ناوی زمانی هاتوچۆی لێبنێین.




5 بەشەکانی ئۆتۆمبێل وەک بزوێنەر و گێڕ و سوکان و بەشە گرنگەکانی و پشکنین و مەرجی توندوتۆڵی بەشێکن لە بابەتە گرنگەکان، دەبێت شۆفێر ئاشنایان بێت و بە شێوەیەکی زانستی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، بۆیە وەک بەشی پێنجەم لەم ڕێبەرەدا بە پوختی ئاماژەیان بۆ کراوە.




6 خۆ ئامادەکردن بۆ لێخوڕین هۆکارێکی سەرەکییە بۆ لێخوڕینێکی سەلامەت، وەک ڕێکخستنی کوشن و ئاوێنەکان و تەواوی ئامادەکارییەکانی دیکە کە لە بەشی شەشەمدا باسکراون.




7 لێرە باس لە مانۆڕەکان کراوە، پێچ هەوراز، نشێو، دەستکردن بە لێخوڕین، جۆرەکانی پارککردن و سووڕانەوە و ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی شۆفێر دەبنەوە، بۆ هەر یەکێکیان باسی مامەڵەی دروست کراوە.




8 بارودۆخی سەر ڕێگاوبانەکانیش لە بەشی هەشتەمی ئەم ڕێبەرەدایە، یەکتربڕ و فلکە و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و دۆخەکانی دیکەی تێدا ڕوونکراوەتەوە.




9 نزیک گوند و ناوچە شاخاوییەکان هەمیشە مەترسی بوونی ئاژەڵی ماڵی و کێوییان لێ دەکرێت، ناو بازاڕ و کاتی ڕیزبەستن و پارککردنی ئۆتۆمبێلەکان ناوچەی مەترسیدارن بۆ پیادەی نەبینراو، بۆیە لە بەشی نۆیەمدا وەک هەڵسەنگاندنی مەترسی باسکراون.




10 باس لە تەندروستی شۆفێر کراوە، مامەڵەکردن لەگەڵ خەواڵوبوون و نەخۆشی و مەی و ماددە هۆشبەر و ئارامکەرەوەکان لەو بابەتانەن کە دەبێت شۆفێر ڕۆشنبیرییەکی تەواوی لەسەریان هەبێت و بەئاگا بێت بەرامبەریان.




11 پاراستنی ژینگە ئەرکێکی ئایینی و نیشتمانی و ئەخلاقییە بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە، سوارڕۆ یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی پیسبوونی ژینگە، چۆن بتوانین بە شێوەیەکی ژینگە دۆستانە ئۆتۆمبێل لێبخوڕین؟ وەڵامەکەی لە بەشی یازدەدا بە ناوی لێخوڕینی ژینگەپارێزانە باسکراوە.




12 ڕووداوی هاتوچۆ ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە و دەکرێت ڕووبەڕووی هەر شۆفێر و سەرنشین و پیادەیەک ببێتەوە، چۆن پەیوەندی بکەین و چۆن مامەڵە لەگەڵ قوربانییەکان بکەین (خوێنبەربوون، شکان، لەهۆشچوون، سووتان) لە بەشی دووازدەدا وەک فریاگوزاریی سەرەتایی باسکراوە.




لە کۆتایی ئەم ڕێبەرەدا فەرهەنگێکی هاتوچۆ بە زمانی کوردی خراوەتەڕوو. هیواخوازم ئەم ڕێبەرە ببێتە هۆی دەستەبەرکردنی سەلامەتی زیاتر لە هەرێمی کوردستان و عێراق، هەروەها بەم ڕێبەرە کتێبخانەی کوردی لە بواری هاتوچۆدا دەوڵەمەند بکەم.

# INDEX | پێڕێست


| | | |
|---|---|---|
| 1 | 20-33 | پێناسەکان |
| 2 | 34-45 | بنەما گشتییەکان |
| 3 | 46-57 | یاسای هاتوچۆ |
| 4 | 58-93 | هێما و کەرەستەکانی هاتوچۆ |
| 5 | 94-117 | بەشەکانی ئۆتۆمبێل |
| 6 | 118-127 | خۆ ئامادەکردن بۆ لێخوڕین |
| 7 | 128-153 | مانۆڕکردن |
| 8 | 154-173 | بارودۆخی سەر ڕێگاوبان |
| 9 | 174-183 | هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان |
| 10 | 184-195 | تەندروستی شۆفێر |
| 11 | 196-205 | لێخوڕینی ژینگەپارێزانە |
| 12 | 206-224 | فریاگوزاریی سەرەتایی |

## 1 پێناسەکان

DEFINITIONS


1 سوارڕۆ 22
2 سوارڕۆ چەرخدارەکان
- چەند جۆر سوارڕۆ هەن؟
- پاسکیل
- سوارڕۆی تایبەت بە منداڵ
3 ماتۆڕسکیل 23
- جۆرەکان
- لە کاتی بەکارهێنانیدا
4 ئۆتۆمبێل 24
- بەر لە لێخوڕین
- لە کاتی لێخوڕیندا
5 تەکسی 25
- بەرپرسیاریەتی و مافەکانی شۆفێر و سەرنشین
6 پاس 27
7 بارهەڵگر 28
8 ئامێرەکانی بیناسازی
9 ئامێرەکانی کشتوکاڵ
10 سوارڕۆی ڕاکێشراو 29
11 مۆڵەتی شۆفێریی
12 پێناسەکان 30
13 جۆرەکانی ڕێگا 31
14 جۆرەکانی ڕێگا لە عێراقدا 32




## 2 بنەما گشتییەکان

GENERAL RULES


15 ڕێنمایی و پابەندییەکان 36
16 دابەشکردنی ڕێگا
17 پیادە
18 پەڕینەوەی پیادە 37
19 جۆرەکانی پیادە 38
20 سەرنشین 42
21 بنەماکانی ڕەفتاری سەرنشین 44
22 بنەماکانی تایبەت بە سوارڕۆ گشتییەکان






## 3 یاسای هاتوچۆ

TRAFFIC LAW


23 مێژووی یاسای هاتوچۆ 48
24 جۆرەکانی مۆڵەتی شۆفێریی 49
25 دەرهێنانی جۆرەکانی مۆڵەتی شۆفێریی 50
26 مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی شۆفێریی 26
27 شۆفێریکردن بە بێ مۆڵەتی شۆفێریی 52
28 لێخوڕین بە سەرخۆشی
29 لێخوڕین بە کەمتەرخەمی و سەرشێتی 53
30 بوونە هۆکاری مردن
31 ناوچە تەرخانکراوەکان بۆ تێپەڕینی پیادە 54
32 دەستدرێژیکردنەسەر پۆلیسی هاتوچۆ
33 هەڵپەساردنی مۆڵەتی شۆفێریی 55
34 جێبەجێکردنی توندترین سزا
35 بەڵگەنامەی سەلماندن
36 پێشڕەوییەکانی هاتوچۆ 56

## 4 هێما و کەرەستەکانی هاتوچۆ
TRAFFIC SIGNS


60 37 تێگەیشتن لە ئاماژەکانی پۆلیسی هاتوچۆ
61 38 گلۆپی هاتوچۆ (ترافیک لایت)
62 39 گلۆپەکانی هاتوچۆی تایبەت بە پیادە
گڵۆپە تروسکەدارەکان
63 40 هێمای تیرێکی سوور
41 فلاشەری بازنەیی زەرد یان لە شێوەی تیرێکدا
65 42 سیستەمی تابلۆکان
66 43 A هێماکانی ورپاکردنەوە
69 44 B هێماکانی پێشرەوی
70 45 C هێماکانی رێگەپێنەدان یاخود سنووردارکردن
73 46 D هێماکانی ناچارکردن
75 47 E هێما تایبەتەکانی رێکخستن
79 48 F هێماکانی زانیاری و خزمەتگوزارییەکان
49 G هێماکانی ئاراستەکردن و شوێن و ئاماژەکردن
80 50 H هێمای ژێر تابلۆ
82 51 تابلۆکانی رێپێشاندان (خزمەتگوزارییەکان)
83 52 تابلۆکانی رێپێشاندان (شیکرنەوەی رەنگ)
86 53 هێڵەکانی سەر رێگاوبان
89 54 هێماکردن و گڵۆپی چواری
90 55 ناساندنی بارە مەترسیدارەکان
92 56 هۆرن
93 57 ئاماژەکانی ئاگادارکردنەوە و قەبارەی بارهەڵگر





## 5 بەشەکانی ئۆتۆمبێل
CAR PARTS




96 58 بەشە بنچینەییەکانی ئۆتۆمبێل
59 هەیکەل
60 بزوێنەر
97 بەشە جووڵاوەکان
97 61 گێڕ و کلاچ
98 62 گێڕ
گێڕی دەستی
99 63 پارێزگاریکردن لە گێڕی ئۆتۆمبێل
100 گێڕی خۆگەر (ئۆتۆماتیک)
گێڕی نیمچە خۆگەر
101 64 کلاچ
102 65 سیستەمی ئاراستەکردن
103 66 سوکان
105 67 سیستەمی وەستێنەرەکان
106 68 سیستەمی سووتەمەنی
69 سیستەمی کارەبایی
70 سیستەمی هەوا
107 71 سیستەمی دەرکردنی دووکەڵ
72 سیستەمی ساردکردنەوە
73 سیستەمی چەورکردن
108 74 تایەکان
109 75 گرفتەکانی تایە و چارەسەرەکانیان
110 76 چۆنیەتی گۆڕینی تایە
111 77 دابەزینی بارگەی پاتری و دانەگیرسانی ئۆتۆمبێل
112 78 سیستەمی رووناکی
113 79 پەککەوتن
114 80 هێماکانی نێو داشبۆرد
116 81 مەرجەکانی توندوتۆڵی (تایبەت و گشتی)
ماتۆرسکیل + کشتوکاڵی و بیناسازی




PREPARING TO DRIVE



## 6 خۆ ئامادەکردن بۆ لێخوڕین


120 82 پێداویستییەکانی شۆفێر
121 83 ڕێکخستنی کوشنی ئۆتۆمبێل
123 84 پشکنینی ئۆتۆمبێل
125 85 ڕێکخستنی ئاوێنە
126 86 ناوچەی مردوو کوێیە؟


MANEUVERS

## 7 مانۆڕکردن


131 87 32 هەنگاوی مانۆڕکردن
132 88 دەستکردن بە لێخوڕین
133 89 ڕاوەستان لە لێواری شەقام
90 گۆڕینی ڕێڕەوی لێخوڕین
134 91 پێچکردنەوە
- 1 پێچکردنەوە بۆ لای چەپی ڕێگا و شەقام
- 135 2 پێچکردنەوە بۆ لای ڕاستی ڕێگا و شەقام
- 3 ڕاستەوڕاست لێخوڕین (لە یەکتربڕدا)
136 92 یەکگرتن و گۆڕینی ڕێڕەو
- 1 یەکگرتنی ڕێڕەو
- 2 گۆڕینی ڕێڕەو
- 3 تەسکبوونی ڕێڕەو لە هەردوولاوە
- 4 تیر هێمای سەر شەقام
137 93 شێوازەکانی سووڕانەوەی (یوتێرن)
138 94 سووڕانەوە
95 سووڕانەوەی یوتێرن U
139 96 سووڕانەوەی سێ خاڵ
97 پێناسەی تێپەڕاندن
140 98 ڕێنمایی تێپەڕاندن
99 تێپەڕاندنی نایاسایی
141 100 بەر لە تێپەڕاندن
142 101 کاتی تێپەڕاندن
142 102 دوای تێپەڕاندن
- 1 تێپەڕاندنی ئاژەڵ یان عەرەبانە (گالیسکە)
- 2 تێپەڕاندنی ماتۆڕسوار یان پاسکیلسوار
143 103 لێخوڕین بە بەگ
104 شێوەکانی لێخوڕین بە بەگ
144 105 بەگ بە شێوەی L
- 143 ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل کاتێک کەرەمقانەی پێوە بەسترابێت
146 106 ڕاوەستان / پارککردن (Park)
147 107 ئەو شوێنانەی پارککردن تێیاندا قەدەغەیە
147 شێوەکانی پارککردن
149 108 1 بە شێوەی تەریب (پارالێل)
150 109 2 لە نێوان دوو ئۆتۆمبێلی پارککراودا
151 110 3 بە لاری (بە شێوەی گۆشەی 45)
152 111 4 شێوازی گۆشە
153 112 5 لەسەر گرد و هەوراز




ROAD CONDITIONS

## 8 بارودۆخی سەر ڕێگاوبان


156 113 **خێراییەکان لە هەرێمی کوردستاندا**
157 114 **یەکتربڕ**
158 115 **جۆرەکانی یەکتربڕ**
- ① چوارڕیانی ئاسایی (هاوشێوە)
- ② چوارڕیانی مەترسیدار
- ③ یەکتربڕێک بە شێوەی T
- ④ یەکتربڕێک بە شێوەی Y

159 116 **پابەندبوونی ڕەها و وەستان**
160 117 **پێچکردنەوە بۆ دەستە ڕاست لە یەکتربڕێکدا**
161 118 **پێچکردنەوە بۆ دەستە چەپ لە یەکتربڕێکدا**
163 119 **فلکە**
- گرنگی فلکە چییە؟

164 120 **مەتەرسییەکانی فلکە**
165 121 **پێچ، هەوراز و نشێو**
166 122 **گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا**
167 123 **لێخوڕین لە زستاندا** • باران و تەڕبوونی شەقام
170 124 **لێخوڕین لە زستاندا** • بەفر و کەشوهەوای سارد
171 125 **لێخوڕین لە زستاندا** • هەبوونی تەم
126 **لێخوڕین لە زستاندا** • هەبوونی بای بەهێز
172 127 **لێخوڕین لە هاویندا** • کەشوهەوای گەرم
128 **لێخوڕین لە هاویندا** • خۆڵبارین و گەردەلوول





HAZARD PERCEPTION

## 9 هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان


176 129 **هونەری هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان**
177 130 **دەستنیشانکردنی مەترسییەکان**
- ئەو شوێنانەی کە ئەگەری تووشبوون بە ڕووداو تێیاندا زۆرە
- 177 چی دەکەیت کاتێک لە مەترسییەکە تێدەگەیت؟
- گرنگترین هۆکارە مرۆییەکان

181 131 **هەڵگرتنی بار**
182 132 **بارە مەترسیدارەکان**
183 133 **هەڵگرتن و گواستنەوەی ئاژەڵ**

DRIVER'S HEALTH

## 10 تەندروستی شۆفێر


186 134 **تەندروستی شۆفێر**
- 185 چۆن مەترسییەکانی ماندوویەتی کەمدەکەیتەوە؟
- ئەو دەرمانانەی کاریگەرییان لەسەر شۆفێریکردن هەیە

190 135 **مەی و مادده هۆشبەرەکان**
- دیارترین کاریگەرییەکانی مەی لەسەر شۆفێر

191 136 **مادده هۆشبەرەکان**
192 137 **کاریگەرییەکانی مادده هۆشبەرەکان**
193 138 **خۆراکی تەندروست**
194 139 **تەندروستی دەروونی**







ECO DRIVING

## 11 لێخوڕینی ژینگەپارێزانە


140 مەبەست لە پیسبوونی ژینگە چییە؟ 198
141 ئۆتۆمبێل و پیسبوونی ژینگە 199
142 ئۆتۆمبێل و پیسبوونی ژینگە 200
- زیانەکانی پیسبوونی ژینگە چین؟
- چەند جۆر پیسبوون هەن
143 ئۆتۆمبێل و پیسبوونی ژینگە 201
144 لێخوڕینی ژینگەپارێزانە
145 مەبەست لە لێخوڕینی ژینگەپارێزانە چییە؟ 202
146 گرنگی لێخوڕینی ژینگەپارێزانە چییە؟ 205


TRAFFIC GLOSSARY

## * فەرهەنگی هاتوچۆ


فەرهەنگی هاتوچۆ 226
NOTES 230


FIRST AID

## 12 فریاگوزاریی سەرەتایی


147 فریاگوزاریی سەرەتایی چییە؟ 208
- پێداویستییەکانی فریاگوزاریی سەرەتایی
148 بووژاندنەوەی دڵ 209
- پێش دەستکردن بە ئەنجامدان
- چۆنیەتی ئەنجامدان
149 ئەو کاتەی لە شوێنی ڕووداوەکەی چی دەکەیت؟ 211
150 بنەماکانی فریاگوزاریی سەرەتایی 214
151 (1) خوێنبەربوون
152 (2) خوێنبەربوون لە ناوەوەی جەستەدا 216
153 (3) خوێنبەربوون لە لووتەوە 217
154 (4) شکانی ئێسک
155 (5) پێوەدان لە لایەن مار و دووپشکەوە 219
156 (6) سووتان 220
157 لە کاتی ئەنجامدانی فریاگوزاریی سەرەتاییدا 221
158 کاتێک بە ئۆتۆمبێل تووشی ڕووداوێک دەبیت 222
159 کاتێک ئۆتۆمبێلەکەت لە ڕێگادا پەکیدەکەوێت 223
160 چۆن ئاگرکوژێنەوە بەکاردەهێنیت؟ 224


پێش خوێندنەوەی ئەم ڕێبەرە، تەماشای ئەم نیشانانە بکە:

37 هێمایە بۆ سەردێری بابەت. ئەم ڕێبەرە لە 160 بەش پێکهاتووە.

درێژەی بابەت 52 تابلۆکانی ڕێنیشاندان

هێمایە بۆ درێژەی بابەت.

واتا بابەتەکە درێژەی هەیە.

واتا بابەتەکە کۆتایی هاتووە.

25 ئاماژەیە بۆ یاسای هاتوچۆ

لەبیرتبێت

تێبینی

ئاگاداربە



# پێناسەکان



1

1
14

# DEFINITIONS



## 1 سوارڕۆ

**سوارڕۆ**: هەر هۆیەکی چەرخدارە کە بە هێزی جەستەیی یان بە بزوێنەری میکانیکی بڕوات یان ڕابکێشرێت، واتا بە هەر ئامرازێک بڕوات، جگە لەوەی لە سەر هێڵی ئاسنین دەڕوات.

### چەند جۆر سوارڕۆ هەن؟

جۆرەکانی سوارڕۆ یان ئەو ئامێرانەی کە بۆ هاتوچۆکردن و گواستنەوە بەکاردەهێنرێن، بەگوێرەی جۆری پێداویستییەکانی مرۆڤ و بەکارهێنانیان جیاوازن. گرنگترین ئەو جۆرانەی پەیوەستن بە هاتوچۆی مرۆڤ یان گواستنەوەوە یان کاری بیناسازی و کشتوکاڵی و هێزی بەگەڕخستنیان بەدەستدێت، ئەمانەی خوارەوەن:

1 هێزی ماسوولکەی مرۆڤ 2 بزوێنەر (مەکینە) 3 کارەبا 4 ئاژەڵ.



## 2

**پاسکیل** ئەو جۆرانە دەگرێتەوە کە بە هێزی ماسوولکەی مرۆڤ بەگەڕدەخرێن، جگە لە هەندێک جۆر نەبێت کە لە ڕێگای پاتری بارگاویکراوەوە هێزی بەگەڕخستنیان بەدەستدێت.

**پاسکیل**: بەگوێرەی قەبارەی تایەکان و چوارچێوەکەی، پێویستە پاسکیلێک هەڵبژێریت کە لەگەڵ تواناى جەستە و باڵاتدا دەگونجێت.

**سوارڕۆی تایبەت بە منداڵ**: بەر لەوەی منداڵ ئەم ئامێرانە بەکاربهێنێت:

- دڵنیابە لەوەی کە تەمەنی منداڵەکە بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامێرە بە سەلامەتی گونجاوبێت.
- قەبارەی گونجاو بەگوێرەی تەمەن و باڵای منداڵەکە هەڵبژێرە.
- پێداویستییەکانی سەلامەتی بۆ دابین بکە: کڵاو، دەستکێش، سەرئەژنۆ، سەرئەنیشک، جلی فسفۆری و زەنگ.
- ناوبەناو پشکنین ئەنجام بدە و کەموکورییەکانی چارەسەر بکە.
- جلوبەرگی گونجاو و ڕەنگداری پێبپۆشە.
- ڕاهێنانی پێبکە بۆ شارەزابوون.
- منداڵەکەت فێری ڕەوشتەکانی لێخوڕین بکە.
- شارەزای بکە بە هێما و کەرەستەکانی سەر شەقام و کۆڵان.
- ڕێنمایی بکە بۆ ئەوەی لە شوێنی گونجاودا بەکاریبهێنێت.
- وریای بکەرەوە لە مەترسییەکانی سەر شەقام.
- وریای بکەرەوە لە بەکارهێنانی سوارڕۆکەی بە مەبەستی نمایشکردن یان سەرکێشی.
- لە نزیک ئۆتۆمبێلەکان بەکاری نەهێنێت.





### جۆرەکانی سوارڕۆی منداڵ

1 پێڵاوی تایەدار
2 پاسکیلی سێ تایە
3 پاسکیل بە تایەی یاریدەدەرەوە
4 هۆڤەربۆرد
5 پاسکیل
6 سکوتەر
7 پاسکیلی کارەبایی



ڕێنمایی هاتوچۆ

## 3 ماتۆڕسکیل



**پێناسەی ماتۆڕسکیل:** ئامێرێکی گواستنەوەیە کە دوو یان سێ تایەی هەیە. بە هێزی میکانیکی پاڵی پێوەدەنرێت و شێوەی وەک ئۆتۆمبێل نییە.



**جۆرەکان**

1 دوو تایە 2 سێ تایە 3 سکوتەر 4 مۆپێد
5 ماتۆڕسکیلی بچووک
6 ماتۆڕسکیلی چوار تایە (کواد)
7 ماتۆڕسکیل لەگەڵ عەرەبانەی بەستراو بە تەنیشتییەوە

**لە کاتی بەکارهێناندا**

- قەبارەی گونجاو هەڵبژێرە، بەگوێرەی تەمەن و باڵا و توانای جەستەییت.
- پێداویستییەکانی سەلامەتی بەکاربهێنە: کڵاو، دەستکێش، سەرئەنیشک، سەرئەژنۆ.
- جلوبەرگی گونجاو و ڕەنگدار بپۆشە.
- بە وریاییەوە لێبخوڕە و خۆت لە مانەوە لە ناوچەی مردووی سوارڕۆکانی دیکە بەدوور بگرە.
- بۆ جۆری دوو تایە و سێ تایە، دەتوانی لە تەمەنی 16 ساڵیدا مۆڵەتی شۆفێریی ماتۆڕسکیل بەدەستبهێنیت.

## ئۆتۆمبێل



■ پێناسەی ئۆتۆمبێلی تایبەت:
تەرخانکراوە بۆ گواستنەوەی کەسی، بە بێ بەرامبەر.

■ بەکاردەهێنرێت بۆ گواستنەوەی تایبەت.

**بەر لە لێخوڕین**

- دڵنیابە لە شیاوی ئۆتۆمبێلەکەت بۆ چوونەسەر شەقام.
- دڵنیابە لە تەندروستی جەستەیی و نەبوونی هیچ کاریگەرییەکی دەروونی.
- کوشن و ئاوێنەکان ڕێکبخە و پشتێنی سەلامەتی ببەستە.

**لە کاتی لێخوڕیندا**

- لە کاتی لێخوڕیندا، خۆت لە سەرقاڵبوون بەدوور بگرە.
- پابەندبە بە یاسا و ڕێنماییەکانی هاتوچۆوە.
- تەماشای ئاوێنەکان و ناوچەی مردوو بکە و هێما دابگیرسێنە.
- مەودای سەلامەت لەگەڵ سوارڕۆکانی دیکەدا بپارێزە لە کاتی لێخوڕین و وەستان و پارککردندا.

**لە بیرت بێت**

کاتێک کەرەڤانەیەک بە ئۆتۆمبێلەکەت ڕادەکێشیت، هەمیشە هێزی ئۆتۆمبێلەکەت لاوازتر دەبێت.



### بەستنەوەی کەرەڤانە یان عەرەبانە بە ئۆتۆمبێلەوە

- دڵنیابە لەوەی ئۆتۆمبێلەکەت گونجاوە بۆ ئەوەی کەرەڤانەی لێ ببەسترێت.
- نابێت درێژی کەرەڤانە لە درێژی ئۆتۆمبێلەکەت زیاتر بێت.
- نابێت پانتایی کەرەڤانەکە لە پانتایی ئۆتۆمبێلەکە زیاتر بێت.
- دەبێت تابلۆ، گڵۆپەکان و ئاوێنەی پێوەبێت و گڵۆپەکانی دواوە کاربکەن.
- وریابە لە کاتی لێخوڕین لە پێچ و هەوراز و نشێودا و لە کاتی تێپەڕاندن.
- نابێت بە خێرایی زیاتر لە* H/80 km لێبخوڕیت.
- نابێت کێشی عەرەبانە لە* 750 kg زیاتر بێت بۆ مۆڵەتی B، دەتوانرێت لە* 750 kg زیاتر بێت بۆ مۆڵەتی BE .
- لە کاتی لێخوڕیندا نابێت هیچ سەرنشینێک لە کەرەڤانەدا سەربکەوێت.

*H: کاتژمێر *km: کیلۆمەتر *kg: کیلۆگرام

# TAXI

## 5 تەکسی




**پێناسەی ئۆتۆمبێلی تەکسی:** تەرخانکراوە بۆ گواستنەوەی کەسی، بەرامبەر بە کرێ.

- گەشتکردن بە تەکسی، ئەگەر شۆفێر بیت یان سەرنشین، چەند مافێکت هەیە و چەند بەرپرسیارێتییەکت لەسەر شانە.
- ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی سەرنشین بە کرێ ناسراو بە تەکسی، لە زۆربەی وڵاتاندا بە ئاسانی دەتوانرێت بەگوێرەی ڕەنگ و شێوە لە ئۆتۆمبێلە تایبەتەکان جیابکرێتەوە؛ هێمای تایبەت و وشەی TAXI لەسەر تابلۆی ئۆتۆمبێلەکە هەن.

### بەرپرسیارێتییەکان وەک شۆفێر پێویستە:

- دەبێت بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ سەرجەم سەرنشینان و کەسانی سەر شەقام بکەیت و پارێزگاری لە سەلامەتییان بکەیت.
- هاوکاری سەرنشینەکان بکەیت بۆ سەرکەوتن یان دابەزین، ئەگەر پێویست بێت.
- هاوکاری سەرنشین بکەیت بۆ هەڵگرتن و داگرتنی جانتا و کەلوپەلەکانی، بە مەرجێک زۆر گەورە و قورس نەبێت و لە توانای مرۆڤدا بێت.
- ئۆتۆمبێلەکە پاک بێت و سەرنشینەکان هەست بە ئاسوودەیی بکەن.
- بە شێوەیەکی یاسایی و گونجاو لێبخوڕیت و نەبیتە هۆکاری ترساندنی سەرنشین و کەسانی سەر شەقام.
- جلوبەرگی گونجاو بپۆشیت.
- جگەرە نەکێشیت و دەنگی ڕادیۆ بەرزنەکەیتەوە.
- نابێت لە کاتی هەستکردن بە ماندوویەتی یان خەواڵوویی ئۆتۆمبێل لێبخوڕیت.
- نابێت لە ژێر کاریگەری مەی یاخود مادده هۆشبەرەکاندا ئۆتۆمبێل لێبخوڕیت.
- پرسیاری کەسی و تایبەت لە سەرنشین مەکە.



### بەرپرسیارێتییەکان وەک سەرنشینێک لە نێو تەکسیدا پێویستە:

- ناونیشانی دروست بدەیت.
- پشتێنی سەلامەتی ببەستیت.
- جگەرە نەکێشیت.
- بە ڕێزەوە هەڵسوکەوت بکەیت و نەبیتە مایەی سەرقاڵکردن یان بێزارکردنی شۆفێر.
- خواردن نەخۆیت و خواردنەوە نەخۆیتەوە، تەنیا مەگەر شۆفێر ڕێگەت پێبدات.
- کرێی گواستنەوەکە بدەیت و نەبیتە هۆکاری زیانگەیاندن بە ئۆتۆمبێلەکە.
- داوا لە شۆفێر نەکەیت بۆ ئەوەی بە خێرایی نایاسایی لێبخوڕێت یان یاساکانی سەر شەقام پێشێل بکات.




## 5-1 مافەکانی شۆفێری تەکسی چین؟

- لە ژینگەیەکی سەلامەتدا کاربکەیت و بە ڕێزەوە مامەڵەت لەگەڵدا بکرێت.
- ڕەتیبکەیتەوە ئاژەڵ لە نێو ئۆتۆمبێلەکەتدا هەڵبگریت، ئەگەر سەلامەت نەبێت.
- ڕەتیبکەیتەوە سەرنشینێک هەڵبگریت، کە لەوانەیە نەتوانێت کرێی گواستنەوەکە بدات.
- دەتوانیت داوای هاوکاری لە پۆلیس بکەیت، ئەگەر سەرنشین کرێی گواستنەوەکەی نەدات.
- پێش دەستکردن بە گەشت (سەفەر) داوای کرێ بکەیت ئەگەر گومانت هەبێت لەوەی سەرنشین لە کۆتاییدا ڕەتیبکاتەوە کرێ بدات.
- ئەگەر سەرنشین مافەکانت پێشێل بکات، دەتوانیت سکاڵا لە لای پۆلیس تۆمار بکەیت یان لە لای ئەو کۆمپانیایەی کاری بۆ دەکەیت.




## 5-2 مافەکانی سەرنشینی تەکسی چین؟



- ڕێگای گەشتەکەت دیاری بکەیت بە مەرجێک سەلامەت بێت.
- ڕەتیبکەیتەوە شۆفێر کەسانی دیکە هەڵبگرێت، ئەگەر بەتایبەت بە کرێت گرتبێت.
- کرێی دیاریکراو بدەیت، بەگوێرەی پێوەر و نرخی دیاریکراو؛ هەروەها ئەو برە پارەی کە لای شۆفێر ماوە وەربگریتەوە.
- ئەو تەکسییەی گەشتی پێدەکەیت سەلامەت و مایەی ئاسوودەیی بێت.

## 6 پاس





**پێناسەی پاس:** سوارڕۆیەکی قەبارە گەورەیە بۆ گواستنەوەی ژمارەیەکی دیاریکراوی سەرنشین بەکاردەهێنرێت.

بنچینەی وشەی پاس لە لاتینییەوە وەرگیراوە Omnibus، کە بە واتای (بۆ هەمووان)ە.

**چەندین جۆری پاس هەن کە** قەبارە و شێوەکانیان و توانایان بۆ هەڵگرتنی سەرنشین جیاوازە. بەگوێرەی بەکارهێنان چەند جۆرێک دەگرێتەوە:

1. پاسی گواستنەوەی گشتی: بۆ گواستنەوەی سەرنشین لە ناوەوە و دەرەوەی شارەکاندا بەکاردەهێنرێت.
2. پاسی گەشتیاری: بۆ گواستنەوەی گەشتیاران بە نێو شوێنە گەشتیارییەکاندا بەکاردەهێنرێت. زۆربەی پاسە نوێیەکان (مۆدێرنەکان) لە دوو کابینەی سەرەوە و خوارەوە پێکدێن و گەشتیاران بە ئاسانی دەتوانن دیمەنەکان ببینن، چونکە کابینەی سەرەوە کراوەیە.
3. پاسی قوتابخانە: بۆ گواستنەوەی منداڵان بەکاردەهێنرێت، هەروەها بۆ گواستنەوەی قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگەکانیش بەکاردەهێنرێت. هەندێک جار لە ڕێگەی شێوە و دیزاینیانەوە دەناسرێنەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی بینینیاندا شۆفێران بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.
4. پاسی تایبەت: بۆ گواستنەوەی تایبەت بەکاردەهێنرێت، زیاتر لە لایەن فەرمانگە و کۆمپانیا و دامەزراوەکانەوە بەکاردەهێنرێت.



## 7 بارهەڵگر

■ تەرخانکراوە بۆ گواستنەوەی کەلوپەل بە هەموو جۆرەکانییەوە، پیکابیش بە یەکێک لە بارهەڵگرەکان دادەنرێت.

1. **لۆری** ، بۆ گواستنەوەی کەلوپەل.
2. **گەڵابە** ، بۆ گواستنەوەی کەرەستە و پێداویستییەکانی بیناسازی.
3. **تانکەر** ، بۆ گواستنەوەی ئاو، سووتەمەنی و ئەو بەرهەمانەی لە شێوەی تۆز یان پاودەردان.

- بارهەڵگر و سوارڕۆ گەورەکان مەترسی ناوچەی مردوویان زیاترە و بە هۆی جۆر و قەبارەی ئەو بارەی دەیگوازنەوە لەوانەیە مەترسی بۆ سەر کەسانی سەر شەقام دروست بکەن.



## 8 ئامێرەکانی بیناسازی

■ ئەم سوارڕۆیانە لە بیناسازیدا بەکاردەهێنرێن و بە هێزی بزوێنەری میکانیکی کاردەکەن، وەک حادیلە و بەرزکەرەوە و هتد.

- بە سوارڕۆ لەسەرخۆکان ناودەبرێن.
- بۆ هاتوچۆکردن، بە ئامێری گوێزەرەوەی تایبەت دەگوازرێنەوە.
- زۆربەی کات بە ڕەنگەکانی زەرد، سەوز و پرتەقاڵی بۆیەدەکرێن.



### بەگوێرەی بەکارهێنانیان چەند جۆرێک دەگرنەوە:

1. **ئامێرەکانی هەڵکۆڵین** ، شۆفڵ ، حەفارە ، بیر هەڵکەن ، هەڵکۆڵەری تونێل
2. **ئامێرە بەرزکەرەوەکان** ، کرێن ، کرێنی جووڵاو ، بەرزکەرەوە ، فۆرک لیفت
3. **ئامێرەکانی ڕێگا دروستکردن** ، بولدۆزەر ، ڕۆڵە ، گرێدەر ، ئامێری قیرتاوکردن ، شۆفڵ ، قیر هەڵکەن
4. **ئامێرەکانی پاککردنەوەی ڕێگا** ، بەفرماڵ ، گسکدەر



## 9 ئامێرە کشتوکاڵییەکان

■ جۆرێکن لە ئامێرەکان کە بۆ مەبەستی کشتوکاڵی بەکاردەهێنرێن و بە هێزی بزوێنەری میکانیکی دەڕۆن و کاردەکەن، وەک تراکتۆر و دەڕاسە.



## 10 سواررۆی ڕاکێشراو (عەرەبانە)



■ سواررۆیەکە بە بێ بزوێنەر دروستکراوە و بە هۆی ئامێرێکی دیکەوە ڕادەکێشرێت و لێی جیاکراوەتەوە؛ ئەگەر نیوەی کێشی عەرەبانەکە هەڵبگرێت، پێی دەگوترێت «نیو عەرەبانە».

## 11 مۆڵەتی شۆفێریی



■ مۆڵەتی لێخوڕینی سواررۆیە. (ئەفسەری مۆڵەت دەریدەکات)

**تۆمارکردنی ساڵیانە (سەنەوی)**

**ئەو بەڵگەنامەیە کە «ئەفسەری تۆمار» بۆ خاوەنی سواررۆکە دەریدەکات و ئەم زانیارییانەی تێدا دەبێت:**

- ژمارەی سواررۆ و جۆرەکەی
- ناوی خاوەن سواررۆ و ناونیشانەکەی تێدا دەبێت
- ژمارەی شاسی
- ژمارەی بزوێنەر
- ڕەنگ
- ڕۆژی دەرچوون
- ڕۆژی بەسەرچوون
- ژمارەی سەرنشینەکان یان کێشی بارەکەی
- مۆدێل

بەڵام ئێستا ساڵیانەی ئۆتۆمبێل ئەم چەند خاڵەی تێدا زیادکراوە:


1. ڕۆژی ژینگە
2. ڕۆژی پشکنینی توندوتۆڵی ئۆتۆمبێل
3. ژمارەی مۆبایل



**تابلۆی تۆمارکردن:** تابلۆیەکی کانزاییە کە سواررۆ لەوانی دیکە جیادەکاتەوە.

**ئەفسەری هاتوچۆ:** سەر بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیە و هەڵگری پلەی ئەفسەر (مولازم) و بۆ سەرەوەیە کە لە لایەن وەزیری ناوخۆوە ڕێگەپێدراوە یان لە لایەن هەر کەسێکی پەیوەندیداری دیکەوە، بۆ جێبەجێکردنی دەقەکانی یاسای هاتوچۆی ژمارە **86**ی ساڵی **2004**.

## 12 جۆرەکانی ڕێگا




① **ڕێگا**: بریتییە لە هەر شوێنێکی قیرتاوکراو یاخود ئامادەکراوە بۆ بەکارهێنان لە لایەن سوارڕۆ یاخود پیادەکانەوە، بە هەمان ئەو شێوەیەی لە بەشی 14ی یاسای هاتوچۆی ژمارە **86**ی ساڵی **2004** ئاماژەی بۆ کراوە و لەوانەیە دابەش بکرێت بۆ چەند هێڵێکی ڕۆیشتن بە هەمان ئاراستە.

② **شانی ڕێگا**
ئەو بەشەیە کە ڕاستەوخۆ لە تەنیشتی ڕێگایە.

③ **ڕێگای فریاکەوتن یاخود ڕێگای جیاکراوە**
ئەو بەشەی ڕێگایە کە لە هەردوو لای ڕێگاکەیە و لە ئاستی ڕێگاکە کەمێک نزمترە، لەوانەیە قیرتاو کرابێت یان هەر خۆڵ بێت، بۆ وەستانی سوارڕۆی پەککەوتوو بەکاردەهێنرێت یاخود بۆ وەستان و هەڵگرتن و دابەزینی سەرنشینەکان یان بۆ پشوودان، ئەگەر ڕێگاکە قیرتاو بێت هێڵێکی درێژ لە بەشەکەی دیکە جیای دەکاتەوە، ئەمەش بە شێوەیەکی ئاسایی لە ڕێگا خێراکاندا بەکاردەهێنرێت.

④ **ڕێڕەو**: ئەو بەشەی ڕێچکەیە، کە پانتاییەکەی ڕێگە دەدات بە ڕۆیشتنی یەک ڕیز لەو سوارڕۆیانەی یەک لە دوای یەک دەڕۆن و بە گشتی ڕێچکە پێکدێت لە سێ ڕێڕەو، هەندێک جاریش زیاترە یان کەمترە بەگوێرەی جۆری ڕێگاکە. ڕێڕەووەکانیش ئەمانەن:

- **ڕێڕەوی لای چەپ**: تایبەتکراوە بۆ لێخوڕین بە ئەوپەڕی خێرایی ڕێگەپێدراو، سوورانەوە، تێپەڕین، هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەکانی فریاگوزارییەوە.
- **ڕێڕەوی ناوەڕاست**: تایبەتکراوە بۆ لێخوڕینی ڕاستەوڕاست.
- **ڕێڕەوی لای ڕاست**: تایبەتکراوە بۆ لێخوڕین بە کەمترین خێرایی ڕێگەپێدراو.



⑤ **یەکتربڕی ڕێگا**: بریتییە لە هەموو بەیەکگەیشتن و جیابوونەوەی دوو ڕێگا یان زیاتر.



⑥ **کراوەی پێچکردنەوە (یوتێرن)**: بریتییە لەو بەشە کراوانەی کە لە ڕێگاکاندا جیاکراونەتەوە بە شۆستە و تایبەتکراون بە سوورانەوە بە ئاراستەی پێچەوانە.

عێراق خاوەنی ئەم جۆرە ڕێگایانەیە:

## 13 جۆرەکانی ڕێگا لە عێراقدا

### 1 ڕێگای خێرا (ڕێگای گواستنەوەی خێرا)

ڕێگایەکی گشتییە لە دوو ڕێڕەوی دیاریکراو یان زیاتر پێکهاتووە، هۆیەکانی گواستنەوە دەتوانن بە خێرایی لێیەوە هاتوچۆ بکەن، هەروەها:

- ڕێڕەوەکانی بۆ هاتوچۆی هۆیەکانی گواستنەوە جیاکراونەتەوە، ناوچەیەکی جیاکراوە لە نێوان هەردوو ئاراستەکەدا هەیە، یاخود بە هۆکاری دیکە دوو ئاراستەکە لە یەکتر جیاکراونەتەوە.
- لەگەڵ هیچ ڕێڕەوێکی دیکەی ئۆتۆمبێل یان شەمەندەفەر یاخود ترام تێکەڵ نابێتەوە و یەکتر نابڕن.
- بەهێمای تایبەت پێشانی دەدات کە ئەمە ڕێگایەکی خێرایە.



### 2 ڕێگای خێرای دابەشکراو

ڕێگایەکی دوو ئاراستەیە بە پەرژینێکی پارێزەر لە یەکتر جیاکراونەتەوە، بە شێوەیەک دیزاین کراوە جگە لە و ڕێڕەوانەی کە بۆی دروستکراوە هیچ ڕێڕەوی چوونەدەرەوە و هاتنەناوەوەی دیکەی نییە.

### 3 ڕێگای لاوەکی

ڕێگایەکە ئامادەکراوە بۆ پاسکیل یان هەر سوارڕۆیەک بڕوات بە کەمترین خێرایی دیاریکراو.

**4 ڕێگا دەرەکییەکان** ئەو ڕێگایانەن پارێزگاکان بە یەکتر دەبەستنەوە.

### 5 ڕێگا ناوخۆییەکان

ئەو ڕێگایانەن کە لە نێو شارەکاندان و دابەشدەکرێن بۆ سەرەکی و لاوەکی، ڕێگا سەرەکییەکان بەوە جیادەکرێنەوە کە بەراورد بە ڕێگا لاوەکییەکان پانتاییان زیاترە و ڕێگە بە تێپەڕینی سوارڕۆی زیاتر دەدەن.

### 6 ڕێگا خزمەتگوزارییەکان (خەدەمی)

بۆ خزمەتگوزاری ناوچەکانی دەوروبەر دیاریکراون و لە ڕێگا سەرەکییەکان جیاکراونەتەوە.



## 14 پێناسەکان بەپێی پەیماننامەی نێودەوڵەتی ڤییەننا



«ناوچەی نیشتەجێبوون» ئەو ناوچانەیە کە لە دەروازەکانی هاتنەناوەوە و چوونەدەرەوەدا یاخود بە هەر شێوازێکی دیکە لە یاسا ناوخۆییەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە.

بە ئۆتۆمبێلێک دەگوترێت «وەستاوە»: لە جووڵەکردندا نەبێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە مەبەستی هەڵگرتن یاخود دابەزاندنی سەرنشینەکان یان بارکردن و داگرتنی کەلوپەل.

بە ئۆتۆمبێلێک دەگوترێت «پارککراوە»: ئەگەر ئۆتۆمبێلەکە بە هەر هۆکارێک بێت وەستابێت، جگە لە وەستان بۆ دوورکەوتنەوە لە بەریەککەوتن لەگەڵ هۆیەکی دیکەی گواستنەوە یان ڕێگەدان بە بەکارهێنەرێکی دیکەی ڕێگا یاخود بۆ پابەندبوون بە یەکێک لە یاساکانی هاتوچۆ؛ هەروەها ئەگەر ئۆتۆمبێلەکە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو نەوەستابێت بە مەبەستی هەڵگرتنی یان دابەزاندنی سەرنشینێک یاخود هەڵگرتن و داگرتنی بارێک.

«شۆفێر» هەر کەسێکە کە ئۆتۆمبێل لێدەخوڕێت و مۆڵەتی شۆفێریی هەیە. (بە هەر کەسێک دەگوترێت کە ئامێرێک لێبخوڕێت بە هێزی بزوێنەر کاربکات (پاسکیلیش دەگرێتەوە). دەکرێت بەو کەسانەش بگوترێت کە ئەسپ یان چەند ئاژەڵێک وەکوو هۆکاری گواستنەوە بەکاردەهێنن).

«ئاراستەی هاتوچۆ» و «پابەندبوون بە ئاراستەی هاتوچۆ»: بریتییە لە لای ڕاست یان دەستە ڕاستی ڕێگا بۆ ئەوەی شۆفێر ڕێگە بە شۆفێرێکی دیکە یان بە هۆیەکی گواستنەوەی دیکە بدات بۆ تێپەڕاندن بە لای چەپدا، بە پێچەوانەوە بە واتای لای دەستە چەپی ڕێگا دێت.

«پاسکیل»: سوارڕۆیەکە، دوو یان سێ تایەی هەیە، بە توانای کەسی بەگەڕدەخرێت و بزوێنەری میکانیکی نییە. بەڵام هەر سوارڕۆیەک بە بزوێنەری میکانیکی کاربکات و قەبارەکەی لە 125cc کەمتر بێت و شێوە و قەبارە و نەخشەکەشی لە پاسکیل بچێت، بە پاسکیل ئەژمار دەکرێت.



| | |
|---|---|
| Cycle Lane | «ڕێڕەوی پاسکیل» ئەو بەشەی ڕێگایە کە بۆ پاسکیلسوارەکان جیاکراوەتەوە. ڕێڕەوەکە بە هێڵێک لە ڕێڕەوی ئۆتۆمبێلەکان جیادەکرێتەوە. |
| Cycle Track | «ڕێگای پاسکیل» ڕێگایەکی سەربەخۆیە بۆ پاسکیلسوارەکان. |

«ڕێگە بدە» واتا دەبێت ڕێگە بە هۆیەکانی دیکەی گواستنەوە بدەیت تێپەڕن و بەردەوام نەبیت لە لێخوڕین و دەست بە لێخوڕین نەکەیتەوە.


KURDISTAN